Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpA.5

# ئامادەکردنی تاک بۆ ملکەچبوون بە ویستی گشتی: شیکارییەک بۆ ئامانجە سیاسییەکانی پەروەردە لای ڕوسۆ

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Rajab Jabar Mohammed
Rajabjabar16@gmail.com

RECEIVED :28 /08/2025
ACCEPTED :18/10/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**ڕەجەب جەبار محمد** / بەشی سیستەمە سیاسییەکان، کۆلێژیزانستە سیاسییەکان ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**شاخەوان محمد صالح** / بەشی سیستەمە سیاسییەکان، کۆلێژیزانستە سیاسییەکان ، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕوسۆ،
فەلسەفەی سیاسی،
گرێبەستی کومەڵایەتی،
ویستی گشتی،
پەروەردە و ئەخلاق.

**پوختە**

ژان ژاک ڕوسۆ وەکو یەکێک لە فەیلەسوفە کاریگەر و پێشەنگەکانی سەردەمی ڕوشنگەری و گرێبەستی کومەڵایەتی، هەوڵیداوە بنەمای دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکسان و بەهێز دابنێت. گرێبەستی کومەڵایەتی ڕوسۆ تەنها ڕویەکی دراوەکەیە، ڕویەکەی تر پەروەردەی ئێمیلە، ئەوەی یەکەم، ڕویە سیاسیەکەی دەوڵەتە و هی دووەم ڕووە پەروەردەییەکەیە. بو ئەوەی گرێبەستێکی کومەڵایەتی بەهێز هەبێت، ئەوا پێویستە پەروەردەیەکی باش هەبێت. پروسەی گورینی تاک بو هاوڵاتی، بناغەی دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێزە، واتە پابەندیەکانی تاک بە ویستی گشتی و بون بە هاوڵاتیەکی نیشتیمانپەروەر و خاوەن ئەخلاق، دەبێتە هوی بەهێزی دەوڵەت و گرێبەستی کومەڵایەتی. پابەندبونی هاوڵاتیان بە ویستی گشتی بە مانای ویستی هەموان ناهێت، بەڵکو دەستبەرداربونە لە ویستە کەسیەکان، لە ئەنجامی وازهێنان لە ویستی کەسی، ویستی گشتی دروست دەبێت. هەموو ئەمانە بەرئەنجامی پەروەردەیەکی باشن، کە ڕوسۆ لە پەرتوکی ئێمیل بناغەکانی دەکێشێت. هەروەها بنەمای دروستبونی ئازادی بە ویستی گشتیەوە گرێدراوە، چونکە ڕوسۆ پێی وایە کە پابەندبونی تەنها ئارەزویەکی کەسی، کویلایەتییە، بەڵام پابەندبون بە ویستی گستی، ئازادییە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لەسەر بنەمای میتودی شیکاری بە دوای وەڵامی پرسیارێک دەگەڕێین کە پروسەی گورینی تاک بو هاوڵاتی چون دەکرێت؟ ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیوری گرێبەستی کومەڵایەتی دەبەستێت و لە کوکردنەوەی داتا و زانیاری پشت بە دەستنوسەکانی ڕوسۆ و گوڤارە زانستیەکان و لێکولەرانی بواری گرێبەستی کومەڵایەتی دەبەستێت .

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

ژان ژاک ڕوسۆ(١٧١٢ –١٧٨٨)، یەکێکە لە ناوە دیارەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، لە کاریگەرترین بەرهەمی سیاسیی خۆی، بە ناوی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"، بەم ڕستە بەناوبانگ و کاریگەرە دەست پێدەکات: "مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، بەڵام لە هەموو شوێنێک لە کۆت و زنجیردایە" (قەرقووت, ٢٠١٥). ئەم دەستەواژە بەهێزە، ئەو پارادایمە سەرەکییە کورت دەکاتەوە کە ڕوسۆ لە تەواوی هەوڵە فەلسەفییەکانیدا هەوڵی چارەسەرکردنی دەدا: چۆن دەکرێت تاکەکان لەناو کۆمەڵگەیەکی یاساییدا پێکەوە بژین، بەبێ ئەوەی ئەو ئازادییە زگماکییەیان لەدەست بدەن کە پێناسەی مرۆڤبوونیان دەکات؟ چارەسەرە پێشنیارکراوەکەی ئەو، خۆی لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی ڕەوادا دەبینێتەوە، کە لە ڕێگەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە پێکدێت. لێرەدا دەسەڵات، نەک لە پاشا یان دەستەبژێرێکەوە، بەڵکو لە خودی جەستەی بەکۆمەڵی هاووڵاتییانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەسەڵاتی سەروەریی خۆیان لە ڕێگەی "ویستی گشتی" یەوە دەردەبڕن.

لای ڕوسۆ، ئازادیی ڕاستەقینە بریتی نییە لە شوێنکەوتنی ئارەزووە تایبەتییەکان، بەڵکو ئەو ئازادییە لە ڕێگەی پابەندبوون بەو یاسایانەوە کە مرۆڤ وەک بەشێک لە کۆمەڵگە، بۆ خۆی دایناون، بە دی دێت. بۆیە، ملکەچبوون بۆ ویستی گشتی، کردەیەکی کۆیلایەتی نییە، بەڵکو بەرزترین شێوازی دەربڕینی ئازادیی مەدەنییە. ئازادی مەدەنی لای ڕوسۆ واتە دورکەوتنەوە لە ئارەزووە تایبەتییەکان و ملکەچبونە بۆ ویستی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم چارەسەرە فەلسەفییە قووڵە، ئاڵنگارییەکی کرداریی گەورە دروست دەکات. تاک، وەک بوونەوەرێکی سروشتی، بە شێوەیەکی سەرەکی پاڵنەری بەرژەوەندیی تایبەت و ئارەزووەکانی خۆیەتی بەڵام هاووڵاتی، بە پێچەوانەوە، دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە بەرژەوەندیی گشتی بخاتە پێش بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە. ئەمەش ئەو پرسیارە بنەڕەتییە دێنێتە ئاراوە کە کرۆکی ئەم توێژینەوەیە–یە: چۆن تاک دەگۆڕدرێت بۆ هاووڵاتی؟ بەڵام پرسیاری سەرەکی لە لای توێژەر و بیرمەندان ئەمەیە کە ئایا ئەم چارچێوە سیاسیە لە کرداردا چون جێبەجێدەکرێت؟ لە کاتێکدا چارچێوەی تیوری بو سیاسەت و واقعی کومەڵایەتی تاک لەیەک جیاوازن. ڕوسۆ بە وردی ئاگاداری ئەم کەلێنەی نێوان پێکهاتە سیاسییەکەی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" و واقیعی مرۆڤناسانەی تاک بوو. ئەو لەوە تێگەیشتبوو کە دروستکردنی کۆمارێکی دادپەروەر، پێویستی بە شتێکی زیاترە لە ڕێککەوتنێکی دامەزرێنەر؛ بەڵکو پێویستی بە پەروەردەکردنی جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤ هەیە—هاووڵاتییەک کە خاوەنی ئەو سیفەتە بێت کە ناوی لێنابوو "فەزیلەتی مەدەنی" بەبێ ئەم فەزیلەتە، ویستی گشتی ناتوانێت دروست بێت یان بەردەوام بێت، و دەوڵەت بێ گومان بەرەو ستەمکاری یان ئاژاوە هەڵدەدێرێت.

ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنێت کە وەڵامی ڕوسۆ بۆ ئەم ئاڵنگارییە چارەنووسسازە، تەنها لەناو بەرهەمە سیاسییەکانیدا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە فەلسەفەی پەروەردەدا جێگیر بووە. گۆڕینی تاک بۆ هاووڵاتی، ڕووداوێکی خۆڕسک نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی قول و بە وردی ئاراستەکراوە. بۆیە، ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە شاکارە پەروەردەییەکەی ڕوسۆ، "ئێمیل، یان دەربارەی پەروەردە"، تەنها ڕێنوێنییەک نییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵێک لە گۆشەگیریدا، بەڵکو ئەو بنەما دەروونی و ئەخلاقییە دابین دەکات کە بۆ پرۆژە سیاسییەکەی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" پێویستە. پەروەردە، لای ڕوسۆ، ئامرازی سەرەکییە کە لە ڕێگەیەوە تاک—لە ڕووی ئەخلاقی، سۆزداری، و هزرییەوە—ئامادە دەکرێت بۆ باوەشکردنەوە بە ویستی گشتی و دۆزینەوەی ئازادیی ڕاستەقینە لە ژیانی مەدەنیدا.

### کێشەی توێژینەوە

فەلسەفەی سیاسیی ژان ژاک ڕوسۆ لەسەر چەمکی "ویستی گشتی" بنیاتنراوە، کە تێیدا ئازادیی ڕاستەقینە بریتییە لە پابەندبوونی تاک بەو یاسایانەی کە خۆی وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی سەروەر دایناون. ئەمەش پارادۆکسێک دروست دەکات: مرۆڤ کە بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی تاکگەرایە و بەدوای بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیدا دەگەڕێت، چۆن دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی کە بە ویستی خۆی بەرژەوەندیی گشتی بخاتە پێش بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە؟

فەلسەفەی سیاسیی ڕوسۆ بەبێ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ناتەواو و خەیاڵی دەمێنێتەوە. کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو پرۆسە و میکانیزمانەی کە ڕوسۆ پێشنیاریان دەکات بۆ گۆڕینی "تاک" بۆ "هاووڵاتی"؛ پرۆسەیەک کە تێیدا ملکەچبوون بۆ ویستی گشتی دەبێتە لووتکەی ئازادی.

ڕوسۆ چۆن و لە ڕێگەی چ ئامرازێکەوە هەوڵ دەدات تاکێکی سروشتی ئامادە بکات بۆ ئەوەی ببێتە هاووڵاتییەکی پابەند بە ویستی گشتی؟ یان چون تاک دەگوریت بو هاولاتی؟

**گرنگیی توێژینەوە:**

گرنگیی تیۆری: ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنێکی قووڵتر بۆ فەلسەفەی ڕوسۆ دابین دەکات، بەتایبەت لە ڕێگەی گرێدانی دوو بواری پەروەردە و سیاسەت کە زۆرجار بە جیا لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. هەروەها، ڕووناکیی دەخاتە سەر یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسەکانی فەلسەفەی سیاسی، کە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان ئازادیی تاک و دەسەڵاتی دەوڵەت.

گرنگیی کرداری: لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە قەیرانی "هاووڵاتیبوون" و لاوازبوونی بەشداریی سیاسی لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە، گەڕانەوە بۆ بیرۆکەکانی ڕوسۆ دەربارەی پەروەردەی نیشتمانی و دروستکردنی هاووڵاتیی چالاک، دەتوانێت دیدگای نوێ و چارەسەری بەسوود پێشکەش بکات.

**میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پشت بە دەروازەی چونایەتی و میتۆدی شیکاری-لێکدانەوە(Analytical-Interpretive Method) دەبەستێت. ئەمەش لە ڕێگەی: شلوڤەکردن و خوێندنەوەی دەقە سەرەکیەکانی ژان ژاک روسۆ، لێکدانەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوە. هەروەها تیوری گرێبەستی کومەلایەتی وەکو چارچێوەی تیوری توێژینەوە بەکارهاتوە.

**توێژینەوەکانی پێشوو**

**یەکەم: (ملامح الحداثة السياسية في فلسفة جان جاك روسو: من الحياة العارية إلى بناء المجتمع السياسي)**

ئەم توێژینەوەیە، کە لەلایەن محمد الجيلالييەوە نووسراوە و لە گوڤاری دیراساتی فەلسەفی، ژمارە ١٢ ی ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە، هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر سیمای نوێخوازیی سیاسی لە فەلسەفەی ژان-ژاک ڕوسۆدا. بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە چۆنییەتی گواستنەوەی مرۆڤ لە "ژیانی ڕووت" بۆ "بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی." توێژینەوەکە سەرنج دەخاتە سەر یەکێک لە گرنگترین کارەکانی ڕوسۆ، کە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"یە. نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کتێبە لای زۆرێک لە توێژەران بە "ئینجیلی شۆڕشی فەڕەنسی" دادەنرێت، ئەمەش نیشانەی کاریگەرییە گەورەکەی ڕوسۆیە لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

خاڵە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە :

١-ڕوسۆ وەک فەیلەسوفی سەردەمەکەی: توێژینەوەکە ڕوسۆ وەک نموونەیەکی فەیلەسوفێکی پابەند نیشان دەدات کە نیگەرانی کێشەکانی سەردەمەکەی بووە و بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداریی لە گفتوگۆ سیاسییە نوێبووەکاندا کردووە کە لە گۆڕەپانی گشتیدا ڕوویان داوە. ئەمەش نیشانەی ڕۆڵی کاریگەری ڕوسۆیە وەک بیرمەندێک.

٢-بنەما تیۆرییەکانی بۆ حکومەتە نوێیەکان: توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕوسۆ لە ڕێگەی کارەکانییەوە بنەما تیۆرییەکانی بۆ ئەو ئامانجانە داناوە کە حکومەتە نوێیەکان هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدەن. ئەمەش واتای ئەوەیە کە بیرۆکەکانی ڕوسۆ وەک بنەمایەک بۆ سیستەمی سیاسی مۆدێرن خزمەتیان کردووە.

٣-ڕەخنەی توند لە دۆخی سەردەم: نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕوسۆ ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی دۆخی خراپی فەڕەنسا و ئەورووپا کردووە لە سەردەمی پێش شۆڕشی فەڕەنسیدا. ئەم ڕەخنانە وایان کردووە کە نووسینەکانی ڕوسۆ خاوەنی تایبەتمەندی "پێوانەیی (normative) "و "هاوچەرخی (contemporary) "بن، واتە نەک هەر شیکاریی دۆخی کاتی خۆیان کردووە، بەڵکو بنەما و ڕێسایەکیان بۆ باشترکردن دابین کردووە و هێشتاش گونجاون.

ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەکی گرنگ دەکات لە تێگەیشتن لە فەلسەفەی سیاسی ڕوسۆ و پەیوەندییەکەی بە

نوێخوازیی سیاسییەوە. بە تیشک خستنە سەر "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" و ڕۆڵی ڕوسۆ وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی، توێژینەوەکە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتنی قووڵتر بۆ چۆنییەتی داڕشتنی بیرۆکەکانی ڕوسۆ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی نوێ لە قۆناغی گواستنەوەی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا.

**دووەم: (فلسفة التربية والدولة الاجتماعية عند روسو)**

ئەم توێژینەوەیە، کە لەلایەن د. خلیل فاید علي خلیلەوە نووسراوە و لە ساڵی 2018 بڵاوکراوەتەوە، تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ژان-ژاک ڕوسۆ، کە بریتییە لە پەیوەندی قووڵی نێوان فەلسەفەی پەروەردەیی و دیدگای سیاسیی ئەو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات شی بکاتەوە کە چۆن پەروەردە لای ڕوسۆ وەک بنەمایەک بۆ بونیادنانی کۆمەڵگە و دەوڵەتێکی سیاسی شەرعی و بەهێز خزمەت دەکات.

خاڵە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

١-ڕۆڵی ڕوسۆ لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی: توێژینەوەکە جەخت لە کاریگەرییە گەورەکەی ڕوسۆ دەکاتەوە لەسەر بوارەکانی پەروەردە، سیاسەت، و فەلسەفە بە گشتی.

٢-پەروەردە لە سروشتی پاکی منداڵەوە: ڕوسۆ فەلسەفەی پەروەردەیی خۆی لەسەر بنەمای ئەوە دادەنێت کە منداڵ لە سروشتدا پاک و بێگەردە.

٣-پەروەردەی نەرێنی: لەم ڕوانگەیەوە، توێژینەوەکە باس لە چەمکی "پەروەردەی نەرێنی" دەکات وەک ڕێگایەک بۆ پاراستنی ئەم سروشتە پاکە و گەشەکردنی بە شێوەیەکی سروشتی، بە دوور لە کاریگەرییە خراپەکانی کۆمەڵگە.

٤-ویستی گشتی وەک بنەمای سیاسی: لە لایەکی ترەوە، توێژینەوەکە چەمکی "ویستی گشتی" لای ڕوسۆ شی دەکاتەوە وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی لە دەوڵەتێکی شەرعیدا.

٥-پەیوەندیی بنەڕەتی نێوان پەروەردە و دەوڵەت: گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەیە کە پەروەردە لای ڕوسۆ وەک میکانیزمێکی سەرەکی کار دەکات بۆ گۆڕینی "مرۆڤی سروشتی" بۆ "هاوڵاتییەکی چاک ". ئەم هاوڵاتییە باشە کە توانای تێگەیشتن و پابەندبوونی بە ویستی گشتی هەیە، بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە و بەهێز.

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سیستماتیک پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان فەلسەفەی پەروەردە و بیردۆزی دەوڵەت لای ڕوسۆ ڕوون دەکاتەوە. د. خلیل فاید علي خلیل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ ڕوسۆ، پەروەردەیەکی دروست تەنها پرۆسەیەکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی سیاسییە کە ئامانجی دروستکردنی هاوڵاتییەکە کە بتوانێت بە شێوەیەکی کارا بەشداری لە بنیاتنانی ویستی گشتیدا بکات و پابەند بێت پێی. ئەمەش دابینکارییەکەی سەرەکییە بۆ مانەوە و شەرعییەتی دەوڵەت.

ئەوەی توێژینەوەی من لەم توێژینەوانە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە توێژینەوەکانی تر باسیان لە فەلسەفەی ڕۆسۆ و گرنگی بیرکردنەوەکانی بو سەردەمی خۆی و چونیەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز دەکەنەوە. بەڵام توێژینەوەکەی من لە دەوری ئەوە دەخولێتەوە کە چون مروڤ بگورین بو هاولاتی، کە ئەمەش لە ڕێگەی فەلسەفەی پەروەردەی ڕۆسۆ بنەما و ڕێنماییەکان دیاریکراون.

## 2 - چوارچێوەی تیۆری

بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی پەروەردە ڕۆڵێکی هێندە چارەنووسساز لە فەلسەفەی ژان ژاک ڕوسۆدا دەگێڕێت، پێویستە سەرەتا لەو کێشە سیاسییە بنەڕەتییە تێبگەین کە ڕوسۆ هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات. فەلسەفەی سیاسیی ئەو لەسەر بناغەی پرسیارێکی بنچینەیی دامەزراوە: چۆن دەکرێت مرۆڤ، کە بە سروشتی خۆی ئازادە، لەناو

کۆمەڵگەیەکی یاساییدا بژی بەبێ ئەوەی ئازادییەکەی لەدەست بدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە چوارچێوەی سێ چەمکی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە کە کرۆکی کتێبی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" پێکدەهێنن.

## 2.1 دۆخی سروشتی

ڕوسۆ، بە پێچەوانەی بیرمەندانی وەک تۆماس هۆبز کە دۆخی سروشتییان وەک "شەڕی هەمووان دژی هەمووان" وێنا دەکرد، وێنەیەکی ئەرێنی و ئایدیالی بۆ ئەم دۆخە دەکێشێت. لە "وتارێک دەربارەی بنچینەی نایەکسانی"دا، ڕوسۆ باس لەوە دەکات کە مرۆڤی سروشتی، یان "دڕندەی خانەدان(Noble Savage) "، بوونەوەرێکی گۆشەگیر، سادە، و ئاشتیخواز بووە. ئەم مرۆڤە خاوەنی دوو هەستی بنەڕەتی بووە: خۆشەویستیی-خۆ، کە بریتییە لە غەریزەی سروشتی بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی، و بەزەیی، کە بریتییە لە هەستکردن بە ئازاری بوونەوەرەکانی تر و خۆبواردن لە زیان گەیاندن پێیان. واتە بە پێچەوانەی هوبز، روسۆ باوەری بەوە هەبوە کە مروڤ بەسروشت کائینێکی باشە و شەرەنگێز نییە .(Jilali, 2019) لە دۆخی سروشتیدا، مرۆڤ نە باش بووە و نە خراپ؛ چونکە هێشتا چەمکی ئەخلاقی بۆ دروست نەبووە. ئازادییەکەی ئازادییەکی فیزیکی بووە: توانای ئەوەی هەبووە کە هەرچییەکی بیەوێت بیکات، بەبێ ڕێگریی یاسایی یان کۆمەڵایەتی. نایەکسانیش لە ئاستێکی زۆر کەمدا بووە و تەنها جیاوازییە فیزیکییە سروشتییەکان بوون. بەڵام ئەم دۆخە ئایدیالییە بەردەوام نابێت و گورانی بەسەردا دێت. بە بڕوای ڕوسۆ، خاڵی وەرچەرخانی کارەساتبار، دروستبوونی خاوەندارێتیی تایبەت بوو. یەکەم کەس کە پارچە زەوییەکی پەرژین کرد و وتی "ئەمە هیی منە"، وە کومەلە کەسێکی دەست کەوت کە بڕوای پێ بکەن، بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنی دانا و دەستپێکبوو بۆ هەموو خراپەکارییەکانی مروڤایەتی.(John B. Noone, 1972)

خاوەندارێتیی تایبەت بووە هۆی دروستبوونی کێبڕکێ، ئیرەیی، و نایەکسانی. هەستی "خۆ ویستی"ی سروشتی گۆڕدرا بۆ "خۆبەزلزانی" یان "خۆپەرستی"، کە بریتییە لە پێویستیی بەراوردکردنی خۆت لەگەڵ ئەوانی تردا و سەلماندنی باڵادەستیی خۆت. ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی چینایەتی، هەژاری، و لە کۆتاییدا، شەڕ و ململانێ. مرۆڤەکان ئازادییە سروشتییەکەیان لەدەست دا و بوونە کۆیلەی یەکتر و کۆیلەی پێداویستییە دەستکردەکانی کۆمەڵگە (Orji, 2025) .لێرەوە پێویستی بە گرێبەستێک هاتە ئاراوە بۆ ڕێکخستنی ژیان، بەڵام پرسیارەکە ئەوە بوو: چ جۆرە گرێبەستێک؟

## 2.2. گرێبەستی کۆمەڵایەتی

ڕوسۆ باس لەوە دەکات کە یەکەمین گرێبەستەکان، ساختە و نادادپەروەرانە بوون. دەوڵەمەندەکان بۆ پاراستنی موڵک وماڵی خۆیان، هەژارەکانیان فریو داوە و گرێبەستێکیان پێشکەش کردوون کە لە ڕواڵەتدا بۆ پاراستنی هەمووان بووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا تەنها نایەکسانییەکانی بە یاسایی کردووە و "کۆت و زنجیر"ەکانی بۆ مرۆڤ دروست کردووە .بۆیە ڕوسۆ بەدوای گرێبەستێکی دروست دەگەڕێت کە بتوانێت ئازادی و دەسەڵات پێکەوە ئاشت بکاتەوە. چارەسەرە بلیمەتانەکەی ئەو لەم خاڵەدایە: "وازهێنانی تەواوەتیی هەر ئەندامێک، لەگەڵ هەموو مافەکانیدا، بۆ تەواوی کۆمەڵگە (Mahir AbdulwahidAziz. Mahdi AbbasQadir, 2023 ). ئەمەش لە ڕێگەی "گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی"ی ڕاستەقینەوە دەبێت. بەپێی ئەم گرێبەستە، هەر تاکێک بە ئارەزووی خۆی واز لە هەموو مافە سروشتییەکانی دەهێنێت و خۆی تەسلیمی "ویستی گشتی" دەکات. ئەم فورمەی گرێبەستی کومەڵایەتی چەند دەرئەنجامێکی گرنگی هەیە؛ یەکسانیی تەواو: چونکە هەموو کەسێک بە یەکسانی واز لە هەموو شتێک دەهێنێت، کەس نامێنێت مافێکی تایبەتی بەسەر ئەوی ترەوە هەبێت. پاراستنی ئازادی: تاک مافەکانی خۆی نادات بە تاکێکی تر (وەک پاشا)، بەڵکو دەیبەخشێت بە کۆمەڵگەیەک کە خۆی بەشێکە لێی. بەم شێوەیە، کاتێک ملکەچی کۆمەڵگە دەبێت، لە ڕاستیدا تەنها ملکەچی خۆی دەبێت وەک بەشێک لەو کۆمەڵگەیە. لەدایکبوونی جەستەی سیاسی: لە ئەنجامی ئەم گرێبەستەدا، "جەستەیەکی سیاسی" یان "کەسایەتییەکی گشتی" دروست دەبێت کە پێی دەوترێت دەوڵەت یان سەروەر.

ئەم جەستە سیاسییە خاوەنی ژیان و ویستی تایبەت بە خۆیەتی( ,Jelena BozilovicAleksandra Nikolajević 2022 ). لێرەدا تاک "ئازادیی سروشتی" لەدەست دەدات، بەڵام لە بەرامبەردا "ئازادیی مەدەنی" بەدەست دەهێنێت، کە بریتییە لە ئازادی لە چوارچێوەی یاسادا. گرنگتر لەوەش، "ئازادیی ئەخلاقی" بەدەست دەهێنێت، کە "تاکە شتە مرۆڤ بەڕاستی دەکاتە خاوەنی خۆی؛ چونکە گوێڕایەڵیکردن بۆ ئارەزوویەکی تەنها، کۆیلایەتییە، بەڵام پابەندبوون بە یاسایەکەوە کە بۆ خۆمان داینلوە، ئازادییە. (63–26 ,2014) Williams)

## 2.3. ویستی گشتی

ئەگەر گرێبەستی کۆمەڵایەتی جەستەی دەوڵەت دروست بکات، ئەوا ویستی گشتی ڕۆحی ئەو جەستەیەیە. ئەمە ئاڵۆزترین و لە هەمان کاتدا گرنگترین چەمکی فەلسەفەی سیاسیی ڕوسۆیە. "ویستی گشتی" بریتی نییە لە کۆی ویستی تاکەکان، بەڵکو ویستی کۆمەڵگەیە وەک یەکەیەکی سیاسی و ئەخلاقی کە هەمیشە ئامانجی بەرژەوەندیی گشتییە. کاتێک تاک خۆی تەسلیمی ویستی گشتی دەکات، لە ڕاستیدا هیچ شتێک لەدەست نادات، چونکە ئەو بەشێکە لەو ئیرادە گشتییە. بە پابەندبوون بەو یاسایانەی کە لە ویستی گشتییەوە سەرچاوە دەگرن، مرۆڤ لە ڕاستیدا گوێڕایەڵی خۆی دەکات و ئازاد دەبێت. بەم شێوەیە، سەروەری (مافی فەرمانڕەوایی) لە دەستی گەلدا دەبێت و ئەم سەروەرییە دوو سیفەتی هەیە؛ یەکەم دانەبڕاوە واتە ناتوانرێت لە گەل بسەندرێتەوە و بدرێت بە کەسێک یان دەستەیەکی تر. دووەم دابەشنەکراوە واتە یەک پارچەیە و ناتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر دەسەڵاتە جیاوازەکاندا (وەک یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری(Aleksandra Nikolajević, 2022 ،Jelena Bozilovic). روسۆ پیی وایە کاتێک هاوڵاتیان وەکو هاوڵاتی بیریان کردەوە ئەوە ویستی گشتیە، بەڵام ئەگەر وەکو کەس بیریان کردەوە ئەوا ئەمە ویستی هەموانە. ویستی گشتی ئامانجەکەی بەرژەوەندی هاوبەش و چاکەی گشتییە، بەڵام ویستی هەموان ئامانجی بەرژەوەندی و ویستی تایبەتی تاکەکانە. لێرەدا دەردەکەوێت کە هەرچی ویستی گشتیە بە بوچونی روسۆ لە خزمەتی تەواوی کومەڵگایە کە جیاوازە لە ویستی هەمووان. ویستی گشتی چەند خەسلەتێکی هەیە کە جیادەکرێتەوە لە ویستی هەموان؛ یەکەم: هەمیشە ڕاستە واتە ناتوانێت هەڵە بکات، چونکە هەمیشە ئامانجی چاکەی گشتییە. ڕەنگە گەل فریو بدرێت، بەڵام ویستەکە خۆی لە بنەڕەتدا پاکە. دووەم: سەروەرە واتە یاسا تەنها دەربڕینی ویستی گشتییە. بۆیە سەروەری هەمیشە هیی گەلە و ناتوانرێت دەستبەرداری لێبکرێت یان نوێنەرایەتی بکرێت. هەر بۆیە ڕوسۆ دژی دیموکراسیی نوێنەرایەتی بوو. سێیەم: یەکە و دابەش ناکرێت واتە ناتوانرێت سەروەری دابەش بکرێت، بۆ نموونە لە نێوان پاشا و پەرلەماندا( Aleksandra Nikolajević, Jelena Bozilovic, 2022). لەم چوارچێوەیەدا، ڕوسۆ دەگاتە ئەو دەرەنجامە مشتومڕاوییەی کە دەڵێت: ئەگەر تاکێک ڕەتی کردەوە پابەندی ویستی گشتی بێت، "پێویستە تەواوی جەستەی سیاسی ناچاری بکات ملکەچ بێت، کە ئەمەش هیچ مانایەکی تری نییە جگە لەوەی ناچاری دەکەن بە ئازادی". چونکە بە لای ڕوسۆوە، ئەو تاکە لەلایەن ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆیەوە "کۆیلە" کراوە، و ناچارکردنی بۆ پابەندبوون بە یاسای گشتی (کە ویستی ڕاستەقینەی خۆشیەتی وەک هاووڵاتییەک)، لە ڕاستیدا گەڕاندنەوەیەتی بۆ ئازادیی ڕاستەقینە. ئازادی راستەقینە لە لایەن روسۆ بریتیە لە دەستبەرداردوبنی تاک لە ویستە سەرەکیەکانی خوی و پابەندبونی بە ویستی گشتی و یاساکانی ویستی گشتی(Aleksandra Nikolajević, Jelena Bozilovic, 2022).

دەتوانین بڵێین کە سیستمی سیاسیی ڕوسۆ پێویستی بە جۆرێکی تایبەت لە مرۆڤ هەیە؛ هاووڵاتییەک کە توانای ئەوەی هەبێت لە سەرووی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیەوە بیر بکاتەوە و ویستی گشتی بکاتە پێوەر. ئەمەش ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدات: ئەم هاووڵاتییە نموونەییە چۆن دروست دەکرێت؟ لێرەدایە کە ڕۆڵی بنەڕەتیی پەروەردە دەردەکەوێت.

## 3–فەلسەفەی پەروەردەیی ڕوسۆ

ئەگەر بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە ئەو کێشە سیاسییەی خستەڕوو کە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" هەوڵی

چارەسەرکردنی دەدات—واتە چۆنێتیی پاراستنی ئازادی لەناو دەوڵەتێکی یاساییدا—ئەوا ئەم بەشە تەرکیز دەخاتە سەر وەڵامە مرۆڤناسانە و دەروونییەکەی ڕوسۆ بۆ ئەم کێشەیە. سیستمی سیاسیی[1] پێویستی بە جۆرێکی تایبەت لە هاووڵاتی هەیە: هاووڵاتییەک کە بتوانێت لە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیەوە بیر بکاتەوە و بە ویستی ئازادانەی خۆی پابەندی ویستی گشتی بێت. ئەم هاووڵاتییە لە بۆشاییەوە دروست نابێت. دروستکردنی ئەم مرۆڤە، ئەرکی سەرەکیی سیستمی پەروەردەیی ڕوسۆیە، کە بە شێوەیەکی ورد و گشتگیر لە شاکارەکەیدا، "ئێمیل، یان دەربارەی پەروەردە" (١٧٦٢)، خراوەتەڕوو.

"ئێمیل" تەنها کتێبێکی پەروەردەیی نییە؛ بەڵکو قووڵترین لێکۆڵینەوەی ڕوسۆیە لەسەر سروشتی مرۆڤ و قۆناغەکانی گەشەکردنی. ئەم کتێبە ئەو بناغە دەروونی و ئەخلاقییە دادەڕێژێت کە بەبێ ئەم، پڕۆژە سیاسییەکەی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" مەحاڵە بەدی بێت.

### 3.1بنەمای پەروەردەی ڕۆسۆ

فەلسەفەی پەروەردەی ڕوسۆ لەسەر یەک بنەمای سەرەکی بنیات نراوە: دەبێت پەروەردە پەیڕەوی لە سروشت بکات. کتێبی "ئێمیل" بەم ڕستە بەناوبانگەوە دەست پێدەکات: "هەموو شتێک باشە کاتێک لە دەستی بەدیهێنەرەوە دێتە دەرەوە؛ هەموو شتێک لە دەستی مرۆڤدا تێکدەچێت". پێی وایە سروشت مروڤی بە چاکە خولقاندوە، کەچی کومەڵگە بوتە هوی ئەوەی کە مروڤ چەوت و شەڕانگێزبێت. هەروەها مروڤ لە سروشتیدا بە ئازادی لە دایک بوە کەچی کومەڵگا مرۆڤی کوێلە کردوە، مروڤ بە بەختەوەری لە دایک بوە و سروشت مرۆڤی چارەرەش کردوە. ئەمە بەو مانایەیە کە منداڵ بە سروشتی خۆی باشە، بەڵام کۆمەڵگەی گەندەڵ و سیستمی پەروەردەیی هەڵە، ئەم سروشتە پاکە دەشێوێنن (ڕوسۆ ٢٠٢٠, ٩-١٠). کەواتە، ئەرکی سەرەکیی پەروەردەکار (کە لە کتێبەکەدا خودی ڕوسۆ ڕۆڵی دەبینێت) ئەوە نییە کە شت فێری منداڵ بکات، بەڵکو ئەوەیە کە منداڵەکە لە کاریگەرییە خراپەکانی کۆمەڵگە بپارێزێت تا سروشتە باشەکەی خۆی بە شێوەیەکی تەندروست گەشە بکات. ئەمەش ناسراوە بە "پەروەردەی نەرێنی" .

پەروەردەی نەرێنی بەو مانایە نییە کە هیچ شتێک ناکرێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە پەروەردەکار ڕاستەوخۆ دەست لە گەشەی منداڵەکە وەرنادات و وانەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیی ئامادەکراوی فێر ناکات. لەبری ئەوە، ژینگەیەکی لەبار دروست دەکات کە منداڵەکە خۆی لە ڕێگەی ئەزموونی ڕاستەوخۆ و هەستەکانییەوە فێر بێت (ڕوسۆ ٢٠٢٠، ٢٩-٣٠). ئێمە ناتوانین ئەم بیروکەیەی ڕۆسۆ وەکو بنەمایەکی گشتی بو پەروەردەی ئێستا بەکاربێنین، چونکە دورخستنەوەی تاک لە کومەڵگا کارێکی مەحاڵە، بەڵام دەکرێت ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین کە بیروکە چەوتەکان لە ناوەندەکانی خوێندن دوربخەینەوە لە ڕێگای ئامادەکردنی ماموستای کواڵێتی بەرز.

### 3.2قۆناغەکانی پەروەردە لای ڕۆسۆ

ڕوسۆ پێی وایە گەشەی مرۆڤ بە چەند قۆناغێکی سروشتیدا تێدەپەڕێت، و دەبێت سیستمی پەروەردە ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێک بگرێت.

قۆناغی یەکەم: لەدایکبوون تا ١٢ ساڵی (سەردەمی هەستەکان)

لەم قۆناغەدا، ئێمیلی قوتابی تەنها لە ڕێگەی هەستەکانییەوە جیهان دەناسێت. هیچ کتێبێکی نییە جگە لە جیهانی سروشت. پەروەردە لێرەدا تەرکیز دەخاتە سەر بەهێزکردنی جەستە و تیژکردنی هەستەکان. ئێمیل فێری ئەخلاق ناکرێت، چونکە هێشتا توانای تێگەیشتنی ئەبستراکتی نییە. لەبری ئەوە، فێری یاسای "پێویستی" دەبێت. روسۆ پێی وایە کە منالٚ هەر لە ساتی لە دایکبونییەوە، پەروەردەکەی دەستپێدەکات، لەسەرەتای دایکبونییەوە واباشە منالٚ زور توند نەبەسترێتەوە بو ئەوەی جەستەی منالٚ کە لە ناو زکی دایکی بەستراوبوو و دەرفەتی جوڵەی ئازادانە نەبوە، ئەوا

[1] تێبینی: سیستەمی سیاسی و گرێبەستی کومەڵایەتی لە لایەن رۆسۆ جیاوازن؛ گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕۆحی دەوڵەتە، لەکاتێکدا سیستەمی سیاسی جەستە و قۆڵ و قاچی دەوڵەتە کە ئەرکەکان جێبەجێ دەکات. گرێبەستەکە سەروەرییە، سیستەمەکە حکومەتە.

باشترە مناڵەکە ئازادبێت لەجوڵەکردن بو ئەوەی جەستەی مناڵ بەهێزببێت و زوو گەشە بکات. هەروەها پێویستە مناڵ لە پێدانی دەرمان زور بە دور بگرێت، تەنها لە حاڵەتە زور مەترسیدارەکان نەبێت نابێت مناڵ ببرێتە لای پزیشک و دەرمانی دەرخوار بکرێت (ڕوسۆ ٢٠٢٠, ٦٩-٧١).پێویستە لەم قوناغەدا منداڵ لەرێی هەستەکانەوە پەروەردە بکرێت و لەسەر کومەڵگا و شتە ناموکانی کومەڵگا و ژیان رابێنرێت. روسۆ پێی وایە کە پێویستە لەم قوناغەدا هندێک راهێنانی هەستەکی بە مناڵ بکرێت، واتە بونمونە ئەگەر مناڵ لە دەمامک بترسێ واباشە باوکی مناڵ سەرەتا دەمامکێک نیشانی مناڵەکە بدات، دواتر یەکێک ئەو دەمامکە بکاتە سەری خویەوە و ئەوانی تر پێی پێبکەنن بوئەوەی مناڵەکە لە ترسی دەمامک دور بکەوێتەوە. هەروە روسۆ پێی وایە کە مناڵانی لادێ کەمتر لە گیانەوەری وەکو جاڵجاڵوکە و مار و بوق ئەم شتانە دەترسن، چونکە لە مناڵیەوە دەبینن، بەڵام مناڵانی شار ئەم گیانەوەرانە نابینن، بویە زیاتر لێیان دەترسن. ئەو پێی وایە بو نەمانی ئەم ترسە و بەهێزکردنی هەستی منداڵ واباشە لە سەرەتاکانی تەمەنەوە پێی ئاشنا بکەن، چونکە زور گرنگە کە مناڵ لە ترسی گیانەوەرەکان دەربازببێت (ڕوسۆ ٢٠٢٠, ٨٣). لە سەرەتاوە، روسۆ دەیەوێت ئێمیل بتوانێت ئەزموونی هەموو شتێک بکات، بە تەواوی زیندوو بێت. ئەمەش ئازار لەخۆدەگرێت، دەبێت ئێمیل بەبێ دەرمان ڕووبەڕووی ئازار ببێتەوە. دەبێت نەخۆشییەکانی منداڵی بەبێ دەرمان ئەزموون بکات ئەم یاسا سەرەتاییانە زەمینە بۆ تەواوی پلانی ڕۆسۆ دادەنێن. دەبێت ئێمیل ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی لەگەڵ ژیاندا هەبێت، و فێر بێت بەبێ فلتەر هەڵیبسەنگێنێت. دەبێت تەنها هەست بەوە بکات کە ڕاستەقینەیە، و هەرگیز دەربارەی دەرەنجامەکان فریو نەخوات. کەی ویستی دەڕوات، کەی ویستی دەمێنێتەوە. ئێمیل باز دەدات، ڕادەکات و هاوار دەکات هەر کاتێک بیەوێت. کاریگەرییەکانی ئەم پەروەردە بەناو نەرێنییە هەندێک جار توندن ئەگەر منداڵەکە تووڕە بێت و هەموو پەنجەرەکانی ژوورەکەی بشکێنێت، روسۆ بەجێی دەهێڵێت تا ئەزموونی سەرما بکات. ئەمە دڵنیای دەکاتەوە کە "هەست بە زیانی بێبەشبوون لێی دەکات" چونکە "باشترە سەرما بیگرێت لەوەی شێت بێت.(Alapin, 2014)

قۆناغی دووەم: ١٢ تا ١٥ساڵی (سەردەمی عەقڵی کرداری)

لەم قۆناغەدا، توانای عەقڵیی ئێمیل گەشە دەکات، بەڵام هێشتا عەقڵێکی کردارییە نەک تیۆری. ئێستا کاتی فێربوونە، بەڵام تەنها ئەو شتانەی کە سوودێکی ڕاستەوخۆیان هەیە. ئێمیل فێری پیشەیەکی دەستی دەبێت بو ئەوەی خوی لەگەڵ روژگاردا بگونجێنێت و ڕێز لە کاری دەستی بگرێت، هەست بە سەربەخۆیی بکات، و لە گرنگیی هاوکاریی کۆمەڵایەتی تێبگات . ڕوسۆ پێی وایە مناڵ لەم تەمەنەدا دەبێت بە کردار فێر بکرێ، لە جیاتی ئەوەی قسە و مەتەڵی زور بکرێتە مێشکیەوە کە سودی نییە، واباشە بە کردار ئەزمونی ئیش و کارەکان بکات بو ئەوەی رێچکەیەکی دروست بیگرێتە بەر، گرنگ نییە سودی کارەکە زورە یان کەم، یان قەبارەکەی گەورەیە یان بچوک، بەڵکو گرنگ ئەزمون کردنە بو ئەوەی مێشکی مناڵ رابێت لە سەر کارکردن. ئامانج لەم قۆناغەدا دروستکردنی کەسێکی سەربەخۆ و خاوەن بیرکردنەوەی لۆژیکییە کە بەهای شتەکان بەپێی سوودیان دەپێوێت، نەک بەپێی بۆچوونی خەڵکی (ڕوسۆ ٢٠٢٠, ٢١٨-٢٣٤). روژگار دەگورێت، دەوڵەمەند هاژار دەبێت، پاشا دەبێتە رەعیەت، گەورە بچوک دەبێتەوە، بەختەوەرترینیان ئەوانەن کە توانای کارکردنی دەستیان هەیە و پیشەیەکی دەستی دەزانن، چونکە ئەمانە زیاتر سەربەخو دەبن و لە هەرجێیەک بێت دەتوانن کار بکەن، بویە وا باشە لەم تەمەنەدا مناڵ فێری ئیشی جوراو جور و کارە دەستیەکان بکرێت. ڕوسۆ پێی وایە دەوڵەمەندەکان یان ماڵی خویان دەخون یان یەکێکی تر ماڵی ئەو دەخون، ئەگەر یەکێکی تر ئەم ماڵە بخوات چ جیاوازی نیە لەگەڵ دزی، چونکە ئەمە ماڵێک دەخوات کە هیچ زەحمەتیەکی پێوە نەدیوە، بویە گرنگ ئەوە منال بزانێت ئیش بکات (ڕوسۆ ٢٠٢٠, ٢٢٧-٢٢٨). ڕوسۆ پێی وابو لەم قوناغەدا پێویستە مناڵ فێری زانستی سروشتی و جوگرافیا بکرێت بو ئەوەی شارەزایی لەسەر سروشت و جوگرافیا بەدەستبخات. ئەو لە رێی ئەزمونکردنی لەسەر گەشتی سروشت و وێنە گەردونییەکان هەوڵدەدا ئێمیل ئاشنای سروشت بکات (وطفة ٢٠١٥، ٢٤).

قۆناغی سێیەم: ١٥ ساڵی و بەرەو سەر (سەردەمی ئەخلاق و کۆمەڵگە)

ئەمە گرنگترین قۆناغە بۆ بەستنەوەی پەروەردە بە سیاسەتەوە. لەم تەمەنەدا، ئێمیل تووشی "لەدایکبوونێکی دووەم"

دەبێت: هەست و سۆز و ئارەزووەکان گەشە دەکەن. ئەمەش وادەکات بۆ یەکەمجار بەڕاستی پێویستی بە کەسانی تر بێت. لێرەوە، دەرگا بۆ فێربوونی ئەخلاق دەکرێتەوە. ئەخلاق لە ڕێگەی ئامۆژگاریی و وشەوە فێر ناکرێت، بەڵکو لە ڕێگەی گەشەپێدانی هەستی "بەزەیی"ەوە فێردەبێت. پەروەردەکارەکە ئێمیلی ڕووبەڕووی ئازار و نەهامەتییەکانی خەڵکی تر دەکاتەوە تا فێر بێت خۆی بخاتە جێگەی ئەوان (وطفة ٢٠١٥، ٢٥). ئەم هەستە، بەلای ڕوسۆوە، "ڕەگی هەموو فەزیلەتە کۆمەڵایەتییەکانە" دوای ئەوەی ئێمیل لە ڕووی ئەخلاقییەوە پێدەگات، ئینجا بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو دەخرێتە ناو کۆمەڵگەوە. فێری مێژوو، سیاسەت، و لە کۆتاییدا، بنەماکانی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" دەکرێت.

### 3.3ئامانجی کۆتایی پەروەردە لای ڕۆسۆ

ئەو مرۆڤەی کە لە ئەنجامی ئەم سیستەمە پەروەردەییەوە بەرهەم دێت، زانایەکی پسپۆڕ یان ئەرستۆکراتێکی ڕواڵەت باز نییە. بەڵکو مرۆڤێکی کامڵ و سەربەخۆیە. سەربەخۆیی لای ڕوسۆ بریتییە لەوەی کە مرۆڤ لەلایەن عەقڵی خۆیەوە حوکم بکرێت، نەک لەلایەن بۆچوونی خەڵکی تر یان لەلایەن ئارەزووە کوێرەکانی خۆیەوە. ئێمیل ئێستا خاوەنی ویژدانێکی پەروەردەکراوە، کە ڕوسۆ بە دەنگێکی زگماکیی ناوەوەی مرۆڤی دادەنێت کە هەمیشە بانگی دەکات بۆ چاکە. پەروەردە نەرێنییەکەی، ئەم دەنگەی پاراستووە لە ژاوەژاوی کۆمەڵگە(ڕۆسۆ، ٢٠٢٠، ٢٤٣).

بەم شێوەیە، "ئێمیل" وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" بەبێ وەڵام بەجێی هێشتبوو. ئەو مرۆڤە نموونەییەی کە دەتوانێت بە ئازادانە ملکەچی ویستی گشتی بێت، بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی پەروەردەی سروشتی و ئەخلاقییە. ئێستا کە تێگەیشتین ڕوسۆ چۆن تاک دروست دەکات، لە بەشی داهاتوودا شیکاریی ئەو میکانیزمانە دەکەین کە ئەم تاکە کامڵە دەگۆڕن بۆ هاووڵاتییەکی چالاک لەناو جەستەی سیاسیی دەوڵەتدا

.

### 4. سروشتی پەیوەندی نیوان پەروەردە وسیاسەت لای ڕۆسۆ

ئەگەر کتێبی "ئێمیل" ئەو مرۆڤە کامڵ و سەربەخۆیەی دروست کرد کە خاوەنی ویژدانێکی پەروەردەکراو و عەقڵێکی ئازادە، هێشتا پرسیارێکی گرنگ دەمێنێتەوە: ئەم تاکە نموونەییە چۆن دەبێتە هاووڵاتییەکی باش؟ مرۆڤی سروشتیی "ئێمیل" لە گۆشەگیری و دوور لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە پەروەردە کراوە. بەڵام هاووڵاتی دەبێت لەناو دڵی کۆمەڵگەی سیاسییدا بژی و کار بکات. کەواتە دەبێت پردێک هەبێت کە جیهانی تاکەکەسیی "ئێمیل" بە جیهانی بەکۆمەڵی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"یەوە ببەستێتەوە. ڕوسۆ ئەم پردە لە ڕێگەی سێ میکانیزمی سەرەکییەوە دروست دەکات کە ئامانجیان گۆڕینی "مرۆڤ"ە بۆ "هاووڵاتی" و ئامادەکردنیەتی بۆ ژیانی سیاسی.

### 4.1پەروەردەی نیشتمانی لای ڕۆسۆ

پەروەردەکەی "ئێمیل" پەروەردەیەکی تایبەت و تاکەکەسی بوو. بەڵام کاتێک ڕوسۆ ڕاستەوخۆ بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نموونەیی دەکاتەوە، دەزانێت کە پەروەردەی تایبەت بەس نییە. بۆ ئەوەی دەوڵەتێک یەکگرتوو و بەهێز بێت، پێویستی بە سیستمێکی پەروەردەی گشتی و نیشتمانی هەیە. ڕوسۆ ئەم بیرۆکەیە لە نووسینەکانیدا بۆ حکومەتی پۆڵەندا دەخاتەڕوو، کە تێیدا ڕێنماییان دەکات چۆن نەتەوەیەکی بەهێز دروست بکەن. ڕۆسۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە تاکە ڕێگە بۆ بنیاتنانی گەلێکی ئازاد و بەهێز، پەروەردەیەکی نیشتمانیی ڕەهایە. ئەو پێی وایە دەبێت پەروەردە ڕۆحی هاوڵاتییان بە شێوەیەکی نەتەوەیی دابڕێژێت، بە جۆرێک کە نیشتمانپەروەری ببێتە حەز و سۆز و پێویستییەکی سروشتی. منداڵ دەبێت هەر لە ساتی چاوکردنەوەیەوە نیشتمان ببینێت و تا مردن هەر ئەوە ببینێت. ڕۆسۆ سیستەمێکی پەروەردەیی توند پێشنیاز دەکات کە تێیدا مێژوو، جوگرافیا، و یاساکانی وڵات دەبنە بابەتی سەرەکیی خوێندن. هەروەها داوای یەکسانی لە پەروەردەدا دەکات و دژی جیاکردنەوەی قوتابخانەی دەوڵەمەند و هەژارە. گرنگییەکی زۆر بە وەرزش و یارییە بەکۆمەڵەکان دەدات، چونکە پێی وایە ئەمانە نەک تەنها جەستە، بەڵکو ڕەوشتیش

بنیات دەنێن و منداڵان فێری یاسا، یەکسانی، و برایەتی دەکەن. ئامانجی سەرەکیی پەروەردەی نیشتمانی، فێرکردنی زانست نییە، بەڵکو چاندنی خۆشەویستییە بۆ نیشتمان لە دڵی هەموو منداڵێکدا. ڕوسۆ دەڵێت: "لەسەر ئەم خۆشەویستییەیە کە تەواوی هێزی یاساکان وەستاوە(Thompson, 2016) . میکانیزمەکانی پەروەردە بە گوێرەی ( تێرامانەکانی دەربارەی حکومەتی پوڵەندا) بریتین لەمانەی خوارەوە: یەکەم؛ دەوڵەتیبوونی پەروەردە: دەبێت پەروەردە لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی بکرێت و مامۆستایان کارمەندی دەوڵەت بن واتە نابێت ئەم ئەرکە گرنگە بە کەرتی تایبەت بسپێردرێت. دووەم؛ یەکخستنی پرۆگرامی خوێندن: دەبێت هەموو منداڵان لەسەر بنەمای پرۆگرامێکی هاوبەش پەروەردە بکرێن کە تەرکیزی لەسەر مێژووی نەتەوەکە، یاساکانی، پاڵەوانەکانی، و فەزیلەتە نیشتمانییەکانی بێت. دەبێت منداڵان فێر بکرێن کە هەمیشە بەرژەوەندی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بێت. سێیەم؛ بەکارهێنانی یاری و ئاهەنگی گشتی: ڕوسۆ پێشنیاری ئەوە دەکات کە یاری و ئاهەنگی گشتی بەکاربهێنرێن بۆ ئەوەی منداڵان لە تەمەنێکی زووەوە هەست بە بوونیان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەیەکی گەورەتر بکەن. دەبێت منداڵ چاوی بە هیچ شتێکی تر نەکەوێت جگە لە نیشتمانەکەی. مەبەستی ڕوسۆ لە هەبونی وەرزش و هوڵی وەرزشی لە فێرگەکاندا بو ئەوە نییە کە مناڵ ببێتە خاوەن جەستەیەکی بەهێز، بەڵکو بو ئەوەیە کە ئەخلاق و رەوشتی مناڵ بەرزببێتەوە، ئەمەش لە ڕێی پەروەردەیەکی نیشتیمانییەوە دەکرێت. پەروەردەی نیشتمانی ئەو هەست و سۆزە هاوبەشە دروست دەکات کە تاکەکان پێکەوە گرێ دەدات و وا دەکات "ویستی گشتی" تەنها چەمکێکی ئەبستراکتی ناو کتێبەکان نەبێت، بەڵکو ببێتە واقیعێکی سۆزداریی زیندوو لە دڵی هاووڵاتیاندا(Thompson, 2016) .

.

### 4.2فەزیلەتی مەدەنی: پێشخستنی چاکەی گشتی

ئەگەر پەروەردەی نیشتمانی هەست و سۆزی هاووڵاتی دروست بکات، ئەوا فەزیلەتی مەدەنی بریتییە لە کرداری پراکتیکیی ئەو هاووڵاتییە. فەزیلەتی مەدەنی لای ڕوسۆ، بە مانای ئەخلاقی گشتی نایەت، بەڵکو بە مانایەکی سیاسیی دیاریکراو دێت: بریتییە لە توانای بەردەوامی تاک بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی گشتی (کە لە ویستی گشتیدا دەردەکەوێت) بخاتە پێش بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە. ئەم فەزیلەتە سروشتی نییە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی پەروەردە و یاساوە دروست بکرێت. مرۆڤی "ئێمیل" خاوەنی بەزەیی و ویژدانە، بەڵام فەزیلەتی مەدەنی پێویستی بە هەنگاوێکی زیاتر هەیە: دەبێت ئەو بەزەییە سروشتییە بگۆڕدرێت بۆ خۆشەویستییەکی عەقڵانی و چالاکانە بۆ یاسا و نیشتمان (Thévenon, 2014,).چۆن ئەم فەزیلەتە دروست دەکرێت؟ لە کتێبی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"دا، ڕوسۆ باس لە کەسایەتییەکی نیمچە-خودایی دەکات کە پێی دەڵێت "یاسادانەر". ئەرکی ئەم کەسایەتییە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتدا ئەوەیە کە ئەو یاسا و دامەزراوە و دابونەریتانە دابنێت کە بتوانن "سروشتی مرۆڤ بگۆڕن" و فەزیلەتی مەدەنی لەناو خەڵکدا بچێنن یاسادانەر گەورەترین پەروەردەکاری گەلە .(Rousseau, 2010, pp. p.21-22)

### 4.3ئایینی مەدەنی: پیرۆزکردنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی

ڕوسۆ تێبینی ئەوە دەکات کە یاسا و فەزیلەت بە تەنها بەس نین. بۆ ئەوەی پابەندبوونی هاووڵاتییان بە دەوڵەتەوە بگاتە بەرزترین ئاست، پێویستە بنەمایەکی پیرۆزیشی هەبێت. لێرەوە، ڕوسۆ یەکێک لە مشتومڕاویترین بیرۆکەکانی خۆی دەخاتەڕوو: ئایینی مەدەنی. ڕوسۆ ڕەخنەی توند لە ئایینی مەسیحییەت دەگرێت (بەتایبەت کاتۆلیکی)، نەک لەبەر باوەڕە ڕۆحانییەکانی، بەڵکو لەبەر کاریگەرییە سیاسییەکانی. ئەو پێی وایە مەسیحییەت دوو کێشەی گەورەی هەیە: یەکەم؛ دابەشکردنی دڵسۆزیی هاووڵاتی: مەسیحییەت وا لە مرۆڤ دەکات کە دڵسۆزیی بۆ دوو جیهان هەبێت: جیهانی زەمینی (دەوڵەت) و جیهانی ئاسمانی (کلیسا و خودا). ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی دڵسۆزی بۆ دەوڵەت. دووەم؛ پەروەردەکردنی هاووڵاتیی پاسیڤ: مەسیحییەت هانی خەڵک دەدات کە چاویان لە جیهانێکی تر بێت و ستەمی ئەم جیهانە قبووڵ بکەن. ئەمەش هاووڵاتیی ملکەچ و بێباک دروست دەکات، نەک هاووڵاتیی چالاک و شۆڕشگێڕ. ڕۆسۆ پێشنیازی دانانی "دانپێدانانێکی باوەڕی مەدەنی" دەکات کە لەلایەن سەرووەرەوە (دەوڵەت) دادەنرێت. ئەمە کۆمەڵێک

باوەڕی ئایینیی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک "هەستی کۆمەڵایەتی"ی سادەیە کە بەبێ ئەوان مرۆڤ ناتوانێت ببێتە هاوڵاتییەکی باش. بنەماکانی بریتین لە: باوەڕبوون بە خودایەکی بەتوانا و چاکەخواز، ژیانی دوایی، پاداشتی چاکەکاران، سزای خراپەکاران، و پیرۆزیی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و یاساکان. تاکە بنەمای نەرێنی بریتییە لە لێنەبووردەیی، کە دەبێت قەدەغە بکرێت(Rousseau, 2010) .

## 5-دەرەنجام هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکەی ڕوسۆ

دوای ئەوەی لە بەشەکانی پێشوودا چوارچێوەی سیاسی و پەروەردەیی فەلسەفەی ڕوسۆمان خستەڕوو، ئێستا کاتی ئەوەیە کە بە دیدێکی ڕەخنەییانەوە لە چارەسەرەکەی بڕوانین و دەرەنجامە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە پوخت بکەینەوە. هەرچەندە چارەسەرەکەی ڕوسۆ بۆ کێشەی ئازادی و دەسەڵات، یەکێکە لە بلیمەتانەترین و کاریگەرترین تیۆرییەکانی مێژووی فەلسەفەی سیاسی، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک کێشە و مەترسیی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت کە بووەتە جێگەی مشتومڕێکی فراوان.

### 5.1مەترسیی دیکتاتۆریەتی زۆرینە

هەرچەندە ڕوسۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ویستی گشتی" هەمیشە ڕاستە و ئامانجی چاکەی گشتییە، بەڵام لە واقیعدا میکانیزمێکی ڕوون پێشکەش ناکات بۆ ناسینەوەی ئەم ویستە. چۆن دڵنیا بین لەوەی کە ئەوەی بە ناوی ویستی گشتییەوە دەسەپێنرێت، لە ڕاستیدا ویستی زۆرینە نییە کە کەمینە دەچەوسێنێتەوە؟ یان خراپتر لەوە، ویستی دەستەیەکی سیاسیی فێڵباز نییە کە خۆی وەک وتەبێژی ویستی گشتی نمایش دەکات؟ مێژوو نیشانیداوە کە زۆرێک لە ڕژێمە تۆتالیتارەکان، وەک ڕژێمی جاکۆبینەکان لە کاتی شۆڕشی فەرەنسیدا، خۆیان بە جێبەجێکاری "ویستی گشتی" زانیوە و لەو پێناوەشدا دەستیان لە هیچ تاوانێک نەپاراستووە. بیرمەندانی وەک جاکۆب تالمۆن هۆشدارییان داوە لەوەی کە دیموکراسییەکەی ڕوسۆ دەکرێت ببێتە "دیموکراسییەکی تۆتالیتار.(Talmon, 1919, pp.38–39)

### 5.2پارادۆکسی ئازادی: "ناچارکردن بە ئازادی"

یەکێک لە مشتومڕاویترین دەستەواژەکانی ڕوسۆ ئەوەیە کە دەڵێت دەبێت ئەو کەسەی پابەندی ویستی گشتی نابێت، "ناچار بکرێت بە ئازادی". ئەم بیرۆکەیە لە ڕواڵەتدا دژ بەیەکە . چۆن دەکرێت ئازادی بە زۆر بسەپێنرێت؟ ڕەخنەگرانی لیبراڵ، وەک ئایزایا بێرلین، هۆشدارییان داوە لە مەترسیی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە. بێرلین جیاوازی دەکات لە نێوان "ئازادیی نەرێنی(Negative Liberty) "، کە بریتییە لە نەبوونی دەستوەردانی دەرەکی، و "ئازادیی ئەرێنی " (Positive Liberty)، کە بریتییە لە توانای گەیشتن بە خودی ڕاستەقینەی خۆت. ئەو پێی وایە کە تیۆرییەکەی ڕوسۆ نموونەیەکی توندڕەوانەی ئازادیی ئەرێنییە کە تێیدا دەوڵەت یان کۆمەڵگە دەتوانێت بە ناوی "ئازادکردنی تاک لە ئارەزووە ناعەقڵانییەکانی"، ستەمکارییەکی بێسنووری بەسەردا بسەپێنێت(Berlin, 1969) .

### 5.3گرژیی نێوان "مرۆڤ" و "هاووڵاتی"

ئایا ئەو مرۆڤە سروشتی و سەربەخۆیەی کە لە کتێبی "ئێمیل"دا پەروەردە دەکرێت، بەڕاستی دەتوانێت لەناو ئەو کۆمارە توند و یەکگرتووەی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"دا بژی؟ "ئێمیل" فێری ئەوە دەکرێت کە پشت بە ویژدانی خۆی ببەستێت و دوور بێت لە بۆچوونی خەڵکی. بەڵام "هاووڵاتی" دەبێت هەمیشە بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاو بگرێت و پابەندی یاسا بێت. بیرمەندێکی وەک جودیس شکلار پێی وایە کە گرژییەکی چارەسەرنەکراو لە نێوان ئەم دوو ئایدیالەدا هەیە؛ ڕوسۆ نەیتوانیوە بە تەواوی ئاشتی لە نێوان "مرۆڤ (Man) "و "هاووڵاتی(Citizen) "دا دروست بکات(Shklar, 1969, 246) .

## 6 -دەرەنجام

سەرەڕای ئەم ڕەخنانە، ئەم توێژینەوەیە دەگاتە چەند دەرەنجامێکی سەرەکی کە گرنگی و قووڵایی فەلسەفەی ڕوسۆ دەردەخەن:

یەکەم/ پەروەردە وەک پردی بنەڕەتی: توێژینەوەکە ئەو گریمانەیەی سەلماند کە پەروەردە ئامرازی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئازادیی تاک و پێداویستییەکانی دەوڵەت لای ڕوسۆ. بەبێ پەروەردە، "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" تەنها چوارچێوەیەکی سیاسیی وشکە و "ویستی گشتی" چەمکێکی ئەبستراکتە. پەروەردە ئەو پرۆسە زیندووەیە کە ئەو هاووڵاتییە دروست دەکات کە دەتوانێت ژیان بەبەر ئەو چوارچێوە سیاسییەدا بکات. بە واتایەکی تر، "ئێمیل" مەرجی پێشوەختەی بەدیهاتنی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"یە.

دووەم/ ئامانجی سیاسیی پەروەردە: توێژینەوەکە دەریخست کە ئامانجی کۆتایی سیستمی پەروەردەیی ڕوسۆ، دروستکردنی زانا یان پیشەوەرێکی سەرکەوتوو نییە، بەڵکو دروستکردنی هاووڵاتییەکی خاوەن فەزیلەتە. میکانیزمەکانی وەک "پەروەردەی نیشتمانی"، "فەزیلەتی مەدەنی"، و "ئایینی مەدەنی" هەموویان ئامرازگەلێکن کە ئامانجیان گۆڕینی دڵسۆزیی تاکە لە خودی خۆیەوە بۆ نیشتمان و لە بەرژەوەندیی تایبەتەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

سێیەم/ پێناسەکردنەوەی ئازادی: ڕوسۆ ئازادی لە چوارچێوەی لیبراڵیدا (کە بریتییە لە نەبوونی ڕێگری) پێناسە ناکات. بەڵکو پێناسەیەکی "کۆمارییانە "ی بۆ دەکات: ئازادی بریتییە لە "خۆ-حوکمڕانی . (Self-government) "ئازادبوون واتە ملکەچبوون بۆ ئەو یاسایەی کە خۆت لە دانانیدا بەشدار بوویت. لەم ڕوانگەیەوە، "ناچارکردن بە ئازادی" مانای ئەوەیە کە تاک دەگەڕێنرێتەوە بۆ سەر ئەو ڕێگا عەقڵانییەی کە خۆی وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی سەروەر هەڵیبژاردووە. پەروەردە ئەو پرۆسەیەیە کە وا دەکات تاک ئەم پێناسە نوێیەی ئازادی قبووڵ بکات و بە دڵخوازییەوە پراکتیزەی بکات.

لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە دەری دەخات کە فەلسەفەی ڕوسۆ هەوڵێکی گشتگیر و قووڵە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر لەسەر بنەمای ئازادیی بەکۆمەڵ. کلیلی ئەم پڕۆژە گەورەیە، لە گۆڕینی سروشتی مرۆڤدایە لە ڕێگەی پەروەردەیەکی ورد و سیستماتیکەوە. هەرچەندە چارەسەرەکەی مەترسیی گەورەی ستەمکاری لەخۆدەگرێت و لەوانەیە لە واقیعدا جێبەجێنەکراو بێت، بەڵام ئەو پرسیارە بنەڕەتییانەی کە ڕوسۆ دەیوروژێنێت، دەربارەی پەیوەندیی نێوان پەروەردە و هاووڵاتیبوون، ئازادیی تاک و چاکەی گشتی، و سروشتی دەسەڵاتی ڕەوا، تا ئەمڕۆش بە زیندوویی ماونەتەوە و گرنگییەکی لەبنەهاتوویان هەیە بۆ هەر کۆمەڵگەیەک کە هەوڵی گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری دەدات.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیدا لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی وردی فەلسەفەی ژان ژاک ڕوسۆوە، وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بداتەوە کە چۆن تاکێکی سروشتی ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی ببێتە هاووڵاتییەکی پابەند بە "ویستی گشتی". لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەتوانین بگەینە چەند دەرەنجامێکی سەرەکی کە گریمانەی توێژینەوەکە پشتڕاست دەکەنەوە:

پەیوەندیی دانەبڕاوی پەروەردە و سیاسەت: گرنگترین دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لای ڕوسۆ، سیاسەت و پەروەردە دوو ڕووی یەک دراون و ناتوانرێت لێک جیا بکرێنەوە. سیستمی سیاسیی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی" تەنها لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە ئەگەر ئەو هاووڵاتییە بوونی نەبێت کە بتوانێت بە گیانێکی مەدەنییانەوە بیژیەنێت. ئەم هاووڵاتییەش بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی پەروەردەیە. کەواتە، چارەسەری کێشەی ئازادی لەناو کۆمەڵگەدا، چارەسەرێکی سیاسیی ڕووت نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەرێکی پەروەردەیی-ئەخلاقییە.

پەروەردە وەک ئامرازی گۆڕینی سروشتی مرۆڤ: توێژینەوەکە دەریخست کە ئامانجی کۆتایی پەروەردە لای ڕوسۆ، گۆڕینی سروشتی مرۆڤە لە تاکێکی خۆویستەوە بۆ هاووڵاتییەکی نیشتمانپەروەر. میکانیزمەکانی وەک "پەروەردەی نیشتمانی"، "فەزیلەتی مەدەنی"، و "ئایینی مەدەنی" هەموویان ئامرازگەلێکن بۆ داڕشتنەوەی دڵ، عەقڵ، و ڕۆحی تاک بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیانی کۆمارییدا بگونجێت. پەروەردە ئەو پرۆسەیەیە کە "خۆشەویستیی-خۆ"ی

سروشتی دەگۆڕێت بۆ "خۆشەویستی بۆ یاسا و نیشتمان."

"ویستی گشتی" وەک ئامانجی پەروەردەیی: پابەندبوون بە ویستی گشتی، دەرەنجامێکی سروشتیی ئەو پەروەردەیەیە. کاتێک تاک فێر دەکرێت کە خۆی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە جەستەی سیاسیی گەل ببینێت، و کاتێک فێر دەکرێت کە بەرژەوەندیی هاوبەش لە سەرووی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەوە دابنێت، ئەوکات ملکەچبوون بۆ ویستی گشتی چیتر وەک زۆرەملێ نابینێت، بەڵکو وەک بەدیهێنانی ویستی ڕاستەقینەی خۆی وەک هاووڵاتییەک دەیبینێت.

پارادۆکسی ئازادی و مەترسیی تۆتالیتاریزم: سەرەڕای قووڵیی چارەسەرەکەی، توێژینەوەکە ئەو مەترسییە بنەڕەتییەی دەرخست کە لە فەلسەفەی ڕوسۆدا بوونی هەیە. جەختکردنەوەی لەسەر توانەوەی تەواوەتیی تاک لەناو کۆمەڵگەدا و بیرۆکەی "ناچارکردن بە ئازادی"، دەرگای بەڕووی لێکدانەوەی تۆتالیتاری و ستەمکارانەدا دەکاتەوە. هەرچەندە ڕوسۆ خۆی دژی ستەمکاری بوو، بەڵام تیۆرییەکەی توانای شاراوەی مەترسیداری تێدایە بۆ پاساودان بە دیکتاتۆریەتی زۆرینە بە ناوی "ویستی گشتی"یەوە.

**پێشنیار بۆ توێژینەوەی داهاتوو:**

لەسەر بنەمای ئەو دەرەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا خرانەڕوو، چەند بوارێکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی داهاتوو دێنە ئاراوە:

توێژینەوەی بەراوردکاریی فراوانتر: پێشنیار دەکرێت توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان مۆدێلی پەروەردەیی-سیاسیی ڕوسۆ و بیرمەندانی تری وەک ئەفلاتون ("کۆمار")، جۆن دیوی (پەروەردە و دیموکراسی)، یان بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت (ڕۆڵی پەروەردە لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات) ئەنجام بدرێت.

کاریگەریی ڕوسۆ لەسەر سیستمی پەروەردەی مۆدێرن: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-شیکاری دەکرێت ئەنجام بدرێت لەسەر ئەوەی کە چۆن بیرۆکەکانی ڕوسۆ دەربارەی "پەروەردەی نیشتمانی" کاریگەریی کردۆتە سەر داڕشتنی سیستمی پەروەردەی گشتی لە کاتی دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەکاندا لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بەتایبەت لە فەرەنسا و ئەڵمانیا.

ڕوسۆ و تەکنەلۆژیای هاوچەرخ: لە سەردەمی سۆشیال میدیا و زیرەکیی دەستکرددا، پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا ئامرازە نوێیەکانی تەکنەلۆژیا دەتوانن ببنە هەڕەشە بۆ "ویستی گشتی" لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشە و دروستکردنی "ژووری دەنگدانەوە" ؟ یان بە پێچەوانەوە، دەتوانن ببنە ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆی خەونی ڕوسۆ؟

لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەر "فەزیلەتی مەدەنی": دەکرێت توێژینەوەی مەیدانی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەنجام بدرێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی "فەزیلەتی مەدەنی" و هەستی هاووڵاتیبوون، و لێکۆڵینەوە لەوەی کە سیستمی پەروەردەیی ئێستا تا چەند توانیویەتی هاووڵاتیی چالاک و خەمخۆری چاکەی گشتی بەرهەم بهێنێت، بە سوود وەرگرتن لە چوارچێوە تیۆرییەکەی ڕوسۆ.

**لیستی سەرچاوەکان**

**سەرچاوەی کوردی**

- ژان ژاک ڕوسۆ. ئێمیل، و. ڕەسوڵ سوڵتان. هەولێر: ناوەندی ئاوێر، ٢٠٢٠.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

- D.L. Williams. ‘Book I’, in Rousseau’s Social Contract: An Introduction. . Cambridge: Cambridge University Press (Cambridge Introductions to Key Philosophical Texts).
- Daniel Thévenon. Pride and Virtue in the Political Thought of Jean-Jacques Rousseau. University of Oxford ،2014.
- Isaiah Berlin. ""Two Concepts of Liberty" in Four Essays on Liberty." Oxford University Press. ،1969: 118-172.
- J. L. Talmon. The origin of totalitarian democracy. london: Secker & WARBURG LTD ،1919.
- Jean-Jacques Rousseau. Considerations on the Government of Poland and on its Proposed Reformation/ Chapter IV .

https://www.files.ethz.ch/isn/125482/5016_Rousseau_Considerations_on_the_Government_of_Poland.pdf/ ،٢٠٢٥/٨/٢٤ April 1772.
- —. The Social Contract & Discourse/ BOOK 4/ chapter8. The Project Gutenberg eBook ،updated: July 20, 2025.
- —.TheSocialContract,Book2.https://www.earlymoderntexts.com/assets/pdfs/rousseau1762.pdf/ 26/8/2025.
- Jelena Bozilovic ،Aleksandra Nikolajević. "The Social Contract Theory of Jean-Jacques Rousseau." Kultura polisa 19(1) ،April 2022: 121-142.
- Rousseau, J.-J. (2010). The Social Contract.
- Thompson, B. (2016). Rousseau's Considerations on the Government. Stosunki Międzynarodowe – International Relations, 2(52), 323-342.
- Jr John B. Noone. "Rousseau's Theory of Natural Law as Conditional." Journal of the History of Ideas , Jan. - Mar., 1972, Vol. 33, No. 1 (Jan. - Mar., ،1972: 23-42.
- Judith N. Shklar. "Men and Citizens: A Study of Rousseau's Social Theory." Cambridge, at the University Press ، 1969: viii, 246.
- Maya Alapin. ""First Feeling" in Rousseau's Emile." Spring 2014: 20.

## سەرچاوەی عەرەبی

– محمد الجليلي .ملامح الحداثة السياسية في فلسفة جان جاك روسو:, من الحياة العارية إلى بناء المجتمع السياسي." مجلة دراسة فلسفيةز عدد 12، January 2019: 79–94.
– ، ٢٠٢٣: ٦٧٨–٦٨٩.
– علي أسعد وطفة. "الثورة التربوية في فلسفة جان جاك روسو." مجلة نقد وتنوير، ٢٠١٥: ٣–٢٨.
- قەرقووت, ز. (٢٠١٥, ٢ ٧). Retrieved ٥ ١٠, ٢٠٢٦, from گوڵان:
https://www.gulanmedia.com/so/story/127027/1621543633–26694–%DA%98%D8%A7%D9%86–%DA%98%D8%A7%D9%83–%D8%B1%DB%86%D8%B3%DB%86–%282%29– ، %DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%A8%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%8C–%D9%83%DB%86%D9%85%DB%95%DA%B5%D8%A7%DB%8C%DB%95%D8%AA%DB%8C ٢٠٢٥–٥–١٠

**إعداد الفرد للخضوع للإرادة العامة: تحليل الأهداف السياسية للتعليم عند روسو**

رجب جبار محمد
قسم الأنظمة السياسية, كلية العلوم السياسية, جامعة صلاح الدين-اربيل, اقليم كردستان, العراق.
Rajabjabar16@gmail.com
شاخوان محمد صالح
قسم الأنظمة السياسية, كلية العلوم السياسية, صلاح الدين-اربيل, اقليم كردستان, العراق.
Shakhawan.salih@su.edu.krd

**الملخص:**
سعى روسو، بصفته أحد فلاسفة عصر التنوير ونظرية العقد الاجتماعي المؤثرين والرواد، إلى إرساء أسس بناء دولة متساوية وقوية. ويمثل العقد الاجتماعي لروسو أحد وجهي العملة؛ أما الوجه الآخر فهو التعليم الموصوف في كتاب إميل. يمثل الأول الجانب السياسي للدولة، بينما يمثل الثاني بعدها التعليمي. ولكي يوجد عقد اجتماعي قوي، فإن التعليم الجيد ضروري. وتشكل عملية تحويل الفرد إلى مواطن حجر الزاوية في الدولة القوية. أي أن التزام الفرد بالإرادة العامة وتحوله إلى مواطن وطني وأخلاقي يؤدي إلى قوة الدولة والعقد الاجتماعي. ولا يعني التزام المواطنين بالإرادة العامة إرادة الجميع؛ بل يعني التخلي عن الرغبات الفردية، التي تنبثق منها الإرادة العامة. وكل هذه هي نتائج التعليم الجيد، الذي وضع روسو أسسه في كتاب إميل. علاوة على ذلك، فإن أساس نشوء الحرية مرتبط بالإرادة العامة، إذ يرى روسو أن التمسك بالرغبات الشخصية المجردة يُشكل عبودية، بينما التمسك بالإرادة العامة هو الحرية. في هذا البحث، القائم على منهج تحليلي، نسعى للإجابة على السؤال التالي: كيف يمكن تحقيق عملية تحول الفرد إلى مواطن؟ تعتمد هذه الدراسة على نظرية العقد الاجتماعي، وتعتمد في جمع البيانات والمعلومات على مخطوطات روسو، والمجلات العلمية، والباحثين في مجال نظرية العقد الاجتماعي.
**الكلمات المفتاحية**: روسو، الفلسفة السياسية، العقد الاجتماعي، الإرادة العامة، التربية والأخلاق.

**Preparing the Individual to Submit to the General Will: An Analysis of Rousseau's Political Goals of Education**

**Rajab Jabar Mohammed**
Department of Political system, Collage of Political science, Salahaddin university-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Rajabjabar16@gmail.com
**Shakhawan Mohammed Saleh**
Department of Political system, Collage of Political science, Salahaddin university-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Shakhawan.salih@su.edu.krd

**Abstract**
Rousseau, as one of the most influential and pioneering philosophers of the Enlightenment and social contract theory, sought to establish the foundations for creating an equal and strong state. Rousseau's social contract is one side of the coin; its other side is the concept of education as described in Emile. The former represents the political aspect of the state, while the latter represents its educational dimension. For a strong social contract to exist, good education is essential. The process of transforming the individual into a citizen forms the cornerstone of a strong state. That is, the individual's commitment to the general will and becoming a patriotic and moral citizen leads to the strength of the state and the social contract. Citizens' adherence to the general will does not imply unanimous agreement [the will of all]; rather, it signifies the relinquishing of individual desires, allowing the general will to emerge. All of these are the results of good education, whose foundations Rousseau lays out in Emile. Furthermore, the basis for the emergence of freedom is tied to the general will, because Rousseau believes that adherence to mere personal desires constitutes slavery, whereas adherence to the general will is freedom. In this research, based on an analytical method, we seek to answer the question: How can the process of transforming the individual into a citizen are achieved? This study relies on the theory of the social contract and, in collecting data and information, draws upon Rousseau's original manuscripts, relevant scientific journals, and scholarly works by researchers in the field of social contract theory.
**Keywords**: Rousseau, Political Philosophy, Social Contract, General Will, Education and Morality.